www.kurdistannet.org
1-10-2006 7:00بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## با راستییەکان ئاشکرا بن ... سەردار پشدەری


باسە لەو سایتەدایە:
http://www. btinternet. com/~kurd. oil

وەک دەبینین دەوڵەت و پەرلەمانی کوردستان باس لە پاراستنی مافی مرۆڤ و رێزگرتن لە رەنجی شۆڕشگێران و یاساو بەهانا هاتنی جەماوەر دەکات، بەڵام هەر دەوڵەت و پەرلەمانە بە پێچەوانەی ئەوانەوە دەجولێتەوە، کەس نیە کە ئاگاداری پرۆژەی نەوتی کوردستان نەبێت، کەلە ساڵی 1991 هاتۆتە کایەو خەرجێکی زۆری لێ کراوەو رەنجێکی زۆری بۆ دراوە. ئێمە بووین کە یەکەم نامەمان بۆ دەوڵەت و پەرلەمانی نووسی لە ساڵی 1992 و پێمان ووتن کە بە پشتیوانی هاوپەیمانان و نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانین چارەسەری کەم و کورتییەکانی سۆتەمەنی کوردستان بکەین و نەوتی کوردستان دوور لە دەسەڵاتی بەغدا بنێرینە دەرەوەی وولات، کە درێژەی ئەو دەوڵەت و پەرلەمانی کوردستان بایەخی بە هەوڵ و کۆششەکانی ئێمە نەدراو ووڵامی نامەو داواکەی ئێمەی نەدایەوە، لە رێگای هەندێ هەلپەرستەوە تاکو ئەمرۆ بەجێگا پێیەکانی ئێمەو دا دەرۆن و پێیان وایە خواردنی رەنجی شۆڕشگێران حەلال و ئاسانەو دەتوانن بەبێ من ئەو کارە ئەنجام بدەن، بەڵام بە دەنگێکی ئاشکرا پێم گوتوون، کە بێ من ئەو کارە ئەنجام نادرێ و هیچی تریش ئەو گەلە هەژارە مەچەوسێنەوە بە ئەمرۆ و بەیانی، خەڵکی کوردستان پێویستی بە سوتەمەنیە، ئێمە دەتوانین نەهێڵین گەلی کورد چاوی لەدەستی داگیرکەران بێ بۆ سوتەمەنی.

ئێستا داوای من ئەوەیە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی دروست بکەن، با لەبەر چاوی جەماوەر گفتوگۆی لەسەر بکەین و راستییەکان ئاشکرا بن.

لەندەن 30 -9 -2006